# سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان بەوکالەت جێختیان لە هەماهەنگی نێوان هەردولا کردەو بە دەرکردنی یاسای پێویست بە پرسی هاووڵاتیان

ئەمڕۆ یەکشەممە "لەتیف جەمال ڕشید " سەرۆک کۆمار،ومحسن مەندەلاوی سەرۆکی پەرلەمان بە وکالەت جێختیان لە هەماهەنگی نێوان هەردولا کردەو بە دەرکردنی یاسای پێویست بە پرسی هاووڵاتیان.

لەبەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتووە:- ئەمڕۆ یەک شەممە "لەتیف جەمال ڕشید " سەرۆک کۆمار پێشوازیکرد لە"موحسین مەندەلاوی" سەرۆکی کاتی ئەنجومەنی نوێنەران.

لەمیانی دیدارەکدا ،کە لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچو، باس لە پێشهاتە سیاسی و ئەمنی و ئابوریەکانی وڵات کرا، سەرەڕای پێشهاتەکانی سەر هەردوو گەڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

بەپێی بەیاننامەکە :- سەرۆک کۆمار جێختی لە پێویستی درێژدان بە هەماهەنگی نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی نوێنەران بە دەرکردنی یاسا و ڕێساکانی پێویست بە پرسی هاووڵاتیان کردەو، هەروەها ئاماژەی کرد بە گرنگی بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵات و پتەوکردنی یەکیزی نیشتمانی و پشتیوانی لە حکومەت بە جێبەجێکردنی بەرنامە حکومیەکەی و گرنگیدان بە داواکاریەکانی هاووڵاتیان و کارکردن بە جێبەجێکردنیان.

هەربەپێی بەیاننامەکە لەبەرامبەردا "موحسین مەندەلاوی"پەرەشی سەرۆک کۆماری بەرزنرخاند بە درێژدان

بە هەماهەنگی نەوان سەرکایەتی کەمار و ئەنجومەنی نوێنەران بەشوێیەک کە خزمەت بە پرسکانی هاووەاتیان بکات،هەروەک جەختی لەوەشکردەوە،کە ئەنجومەنی نوێنەران سورە لەسەر پەسەندکردنی یاسا و تەواوکردنی مافە دەستوریەکان بەشوێیەک، کە بەشداربەت لە پەشخستنی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و باشترکردنی باری ژیانی هاووەاتیان.